هاوکاری

التضامن

ژمارە (١٧٦) ٢٠-٧-١٩٧٣

نرخی (٢٠) فلسە

تەلەفون ٢٠٣٦٥

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە

لە دار الجماهیر دەرئەچێ و لە دار الحریە چاپ ئەکرێ

سەرۆك احمد حسن بكر نامەیەكی لە سەرۆكی جەزایرەوە پێگەیشتوە

سەرکۆمار کاك احمد حسن بکر لەبارەگاکەیانا لەکۆشکی جمهوری ڕۆژی چوار شەممەی رابوردو پێشوازی کاك علی حسین کافی نوێنەری تایبەتی سەرۆکی جەزایری کردوە • وە لەدیدەنییەکەدا سەرۆك کۆمار نامەیەکی هواری بومیدێنی سەرۆکی جەزایری لە کاك کافی وەرگرتوە •

ئاەدەع

سەرەك كۆمار پێشوازی وەفدی بولگاریاو ئەلەمانیای دیموكراتی كردوە

پاش نیوەڕۆی چوارشەممەی رابوردوو سەرکۆمار کاك احمد حسن بکر لەبارەگاکەیانا لەکۆشکی جمهوری پێشوازی وەفدەکەی ئەلەمانیای دیموکراتو کۆماری گەلی بولگاریای کردووە کەبەنوینەری ولاتەکەیان لە ئاهەنگەکانی جەژنی هەردوو تەموزدا بەشداربوون وە لەدیدەنییەکەدا هەردوو بالیوزی ئەلەمانیای دیموکراتو بولگاریا ئامادەبوون •

ئاەدەع

مامۆستا صدام: پێش ١١ی مارتی ١٩٧٤ ئۆتۆنۆمی جێبەجێ ئەکرێ

شەوی ١٨-٧ مامۆستا صدام حسین جێگری سەکرتیری سەرکردایەتی قطری پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەبو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش لەبارەگای ئەنجومەنی نیشتمانیدا کونگرەیەکی ڕۆژنامەنوسی گەرت وە لەکونگرەکەدا (١٠٠) ڕۆژنامەنوسی عیراقو عەرەبو دنیاو کاك مرتضی سعید عبدالباقی وەزیری دەرەوەو کاك حامد الجبوری وەزیری ڕاگەیاندن ئامادەبوون • مامۆستا صدام بەخێر هاتنی ڕۆژنامەنووسەکانی کردوو ئنجادەستی کرد بە وەلامدانەوەی پرسیارەکانیان •

دەربارەی بەرەی نیشتمانی مامۆستا صدام وتی : وتوویژێکی ڕاستەقینە لەنێوان حزبمانو پارتی کۆمونیستی عیراقو پارتی دیموکراتی کوردستانو لایەنە نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازو دیموکراتی یەسەربەخۆکانا بوو ، وەلەمدواییەدا بەتەواوەتی ئیمەو پارتی کۆمۆنیست ریککەوتین، وەئاگو ئیستا وتوێژی ئیمەو پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوامە بو گەیشتن بەهەمان شیوەی ریککەوتن • مامۆستا صدام وتی : لە پێش ١١ی مارتی ساڵی ١٩٧٤ حوکمی زاتی گەلی کوردمان جێبەجێ ئەکرێ وەبەهەموو توانا و ڕێگایەك هەوڵ ئەدەین کە ئەو حوکمەذاتی یە پێش ١١ی مارتی ساڵی ١٩٧٤ جێبەجێ بکەین ، وە دەربارەی سەرکەوتنی میللی کردنی نەوت وتی : بەرهەمهێنانی نەوت لەمایسی ١٩٧٣ لەچاوو مایسی ١٩٧٢ بەرادەی ٤٣٫٧٪ زیادی کرد وەپێش مورکردنی ریککەوتنامەکە لەگەڵ کۆمپانیاکاندا لە ١ی مارتی ١٩٧٣ ئیمە ٩٠٪ی بەرهەمی نەوتی بیرەکانی ژوورومان بەولاتو کومپانیاکانی دنیا ئەفرۆشت •• دوای مامۆستا صدام لەوەڵامی پرسیارەکانا باسی مەسەلەی بەرەی ڕۆژهەڵاتو خلیجو کوێتو یەکێتی عەرەبو پەیوەندی دیبلوماسی کرد لەگەڵ ولاتانی ئەمەریکاو بەریتانیاو ئەلەمانیای ڕۆژئاواو ئیراندا • هەروەها دەربارەی باری ئیستای ولاتو شوێنەواری پیلانە چەپەلەکە دووا •

ئاەدەع

خۆپێشاندانێکی فراوان بە بۆنەی بیرەوەری هەردوو تەموزی پیرۆزەوە

پاش نیوەڕۆی ١٦-٧ بەبۆنەی جەژنی هەردوو شۆڕشی تەموزەوە خۆپێشاندانێکی گەورە لەبەغدا سازکرا وە لە خۆپێشاندانەکەدا پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەبو پارتی دیموکراتی کوردستانو پارتی کومونیستی عیراقیو ڕێکخراوە پیشەیی و میللی و نوینەری بەرەی ڕزگاری هێنەری ئەهوازو بەرەی ڕزگاری خوازی پلوجستان بەشدار ببون •

خوێپێشاندەران لەچوار قۆڵەوە ئەهاتن و ڕوویان کردە یاریگەی - الشعب - وەلەپێشەوەی خۆپێشاندەران وێنەیەکی سەرکومار بەرزکرابوەوە ئینجا نوینەری ڕێکخراوە میللی و پیشەیی و یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراقو ئافرەتانو نەقابەی کریکاران و یەکێتی کۆمەڵەی جوتیاران ئەڕویشتن وەلەیاریگای - الشعب - نوێنەری هەرسێ پارتی یەکە سەرەو وتاریان خوێندەوە • دکتور زید حیدر وتاری خوێندەوە تیایدا وتی : شورشی ١٧ی تەمموز کودەتایەکی عەسکەری نەبوو کە تەنیا ڕواڵەتی ژیانی سیاسی بگۆڕێ بەڵکو تاقی کردنەوەیەکی ڕابەرانەو نمونەیی بنیات نانی کۆمەڵایەتی پێشکەوتنخوازە •

ئنجا دکتور زید حیدر باسی باری ناوخۆو زروفی ئیستای ناوچەی عەرەبو بەرەی نیشتمانی کردووەو وتویە : مەسەلەی بەرەی نیشتمانی لەمەیانی هەرولاتێکی عەرەبا بێ بەتەنیا یاخود لەهەموو نیشتمانی عەرەبدا نابی مەسەلەیەکی وەختیو تەکتیك بێ بەڵکو ئەبێ ستراتیجێکی نەگۆڕاوو بێ جالەم ئاستەوە حزبمان هەوڵیداوە کە دەستەبەری باشترین چوارچێوەی بەرەیەکی تێکۆشان بکات کە هەموو پارتیو ئەو هێزە خەباتگێڕانە بگرێتەخۆی کە دژی ئیمپریالیزمو زایونیزمو کۆنەپەرستان ئەجەنگن • دوای ئەم نوێنەری هەردوو پارتیی یەکەی تر وتاری پارتیی یەکانی خویان خوێندەوە •

بەکێتی حزبەکانی ڕان وبەکارهێنانی چەکی نەوت و بارودەی پێشمەرگەکانی فەلەستین بەدامەزراندنی ئیمپریالیزم و زایونیزم و کۆنە پەرستان تێك ئەشکێنێ

ئێوارەی دوو شەممەی رابوردو سەرکۆمار کاك احمد حسن بکر بەبۆنەی شۆڕشی تەموزەوە وتارێکی گرنگی لە ئیستگەو تەلەفزیۆنی بەغداوە خوێندەوەتیایدا باسی ئەرکەکانی لەمەولای شۆڕش و مەسەلەی کوردو بەرەی نیشتمانی و سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەو مەسەلەی فەلەستینی کرد • سەرکومار لەو تارەکەیدا وتی : لەمەیانی ناوخۆدا شۆڕش لەماوەی پێنج ساڵی رابوردوا هەوڵیدا کە ئەم ئەرکانە بەجێ بهێنێ :

١ - تیژ خەبات دژی پاشماوەو شوێنەواری دەسەلاتی پێشوی ئیمپریالیزم لەولاتا ، هەروەها دژی پیلانی هێزی کۆنەپەرستو بەکرێ گیراوان •

٢ - خەبات کردن لەپێناوی پتەوکردنی سەربەخۆیی ئابوری بە رزگارکردنی گرنگترین سامانی نیشتمانی کە نەوتە •

٣ - هەوڵدان بۆ سرینەوەو لەناوبردنی هۆو شوێنەواری پەیوەندی یە سلبی یەکانی نێوان هێزە نیشتمان پەروەرەکان •

٤ - کارکردن لەپێناوی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد چارە سەرکردنێکی ئاشتیو دیموکراتیانە •

٥ - پتەوکردنو چەسپاندنی دەوری پێشرەوانەی چینی کرێکار لەژیانی سیاسی و ئابوری ولاتدا •

٦ - رزگارکردنی چینی جوتیار لەپاشماوەو شوێنەواری نفوزی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی دەربەگ و بەدی هێنانی شۆڕش لە لادێکانا •

٧ - پتەوکردنی شوێن و دەوری ڕێکخراوی قوتابیو ئافرەتانو ڕێکخراوە میللی و پیشەیی و روشنبیریەکان •

٨ - بنیات نانی هێزی چەکدارو پڕ چەك کردنی بە بیروباوەری نیشتمان پەروەرو نەتەوەیی و سوشیالیستیانە •

٩ - چاککردنی داوو دەزگاکانی دەوڵەتو ئەو دەزگایانەی کە ئاژاوەو بیرۆکراسی یەتو گیانی هەست نەکردن بە مەسئولی یەتیان تیادا بڵاوبۆتەوە •

١٠ - هەوڵدان بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژە پیشەسازی یانەی کە بەکیان کەوتوەو توشی هەڵوێستو وەستان بون لەگەڵ پتەوکردنی بنکەی پیشەسازی لەولاتا •

١١ - لەناوبردنی نەخوێندەواری و بڵاو کردنەوەی روشنبیری و خوێندن بەپێی کە لەگەڵ پیویستی یەکانی ولاتو پەرەپیدانی یا بگونجێ •

١٢ - تێکوشان دژی شوێنەواری ئەو پەیوەندی یە سلبی یانەی لەنێوان هاوولاتیان و دەزگاکانی دەوڵەتا دروست بوون •

دەسکەوتەکانی شۆڕش

ئینجا سەرکۆمار وتی ئەو دەسکەوتانەی شۆڕش لەماوەی پێنج ساڵی رابوردوا بەدی هێناون مایەی شادمانی و شانازی پێوەکردنن ••• ئیمڕۆ دەسەلات (سلطە) لە عیراقا ، دەسەلاتی شۆڕشەو، دەسەلاتی جەماهیری رەنجبەرە ، هیچ کاتێکیش جیگای کۆنەپەرستە بەزێنراوەکانی تیادا نابێتەوە •

بەرەی نیشتمانی

هەروەها سەرەك کومار دەربارەی بەرەی نیشتمانی دواوو وتی ، ئیمە بەرەیەکمان ناوێ ئیمڕۆ پێك بهێنرێ و سبەینی هەڵبوەشێتەوە ، بەرەیەکمان ئەوێ پتەوو هەمیشەیی بێ ، ئاسویەکی ستراتیجی یانەی هەبێ و نمونەیەکی دروستی هەموو هێزە نیشتمان پەروەرو پێشکەوتن خوازەکانی نیشتمانی عەرەب بێت •

مەسەلەی کورد

وەدەربارەی چارەسەرکردنی ئاشتیو دیموکراتیانەی مەسەلەی کورد سەرکومار وتی: بەیاننامەی ئاذار کە شۆڕش بڵاوی کردەوە چوار چێوەیەکی دروستی چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردە • شۆڕش و حزبەکەی بەتەواوەتی بڕوایان بە چارەسەرکردنی ئاشتیو دیموکراتیانەی مەسەلەی کورد هەیە ، وە لە شەشەم ساڵی تەمەنی شۆڕشدا بەندەکانی بەیاننامەکە بەتەواوەتی جێبەجێ ئەکرین لەمانە حوکمی زاتی گەلی کورد لە چوار چێوەی کۆماری عیراقدا •

ئینجا سەرکۆمار دەربارەی ئەو هەنگاوانەی شۆڕش لە پێناوی ڕزگارکردنی نەوتو پتەوکردنی دەوری پێشرەوانەی چینی کریکارو چاککردنی دەزگاکانی دەوڵەت ناویتی وتی : قوناغی پێشو (سلبیات و کەموکوڕی تیا روی‌دا ، وە هەندێ لەو (سلبیات)-انە هۆی بەڕکخستنی ئەوتەقەللایە بوون کە لەپێناوی یەکێتی نیشتمانیدا ئەدراو لە قوناغی ئایندەدا ئەم جورە کەموکوڕی یانەی ڕائەماڵرێن •

بڕوانە : ل ٣

هەردوو پارتی بەعس و کۆمۆنیستی عیراق لەسەر بەرنامەی کاری نیشتمانی ڕێککەوتون

ئێوارەی چوارشەممە (١٧-٧) لەکۆشکی جمهوری پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەبو پارتی کۆمۆنیستی عیراق بەیاننامەیەکی دوو قۆڵیان مۆرکرد وە هەردوو پارتی ڕایانگەیاند کە لە سەر بەرنامەی کاری نیشتمانیو بنچینەکانی کارکردن لەبەرەی نیشتمانی ونەتەوەیی پێشکەوتنخوازدا ڕێککەوتون •

بەیاننامەکەش لەلایەن سەرۆك احمد حسن بکر سکرتیری سەرکردایەتی قطری پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەبو کاك عزیز محمد سکرتیری یەکەمی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کومونیستە وە مۆرکرا • سەرۆك بکر دوای مۆرکردنی بەیاننامەکە وتارێکی خوێندەوە تیایدا وتی :

ئەوەی ئیمڕۆ بەدی هێنرا کارێکی مێژوویی و خاڵێکی دیارو گرنگە لەپەیوەندی نێوان پارتی بەعسیو پارتی کومونیستی عیراقا هەروەها لەو تەقەللایەی لەپێناوی بنیات نانی بەرەی نیشتمانیو نەتەوەیی پێشکەوتنخوازا ئەدرێ ••• دیسانەوە کارێکی ئیجابی یانە ئەکاتە سەر خەباتی گەلەکەمان دژی ئیمپریالیزم و زایونیزمو

بڕوانە ل ٢

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەپاری چاککردنی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی دا

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەپاری ژمارە (٥٧٧)ی بەرواری ١٦-٧-١٩٧٣ یاسای چاککردنی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی ژمارە (٢٢٨)ی ساڵی ١٩٧٠ی دەرکرد • ئەمەش تەواوی یاسایەکەیە •

یاسای ژمارە - ٢٢٨ی ساڵی ١٩٧٠

مادەی یەکەم : ئەنجومەنی نیشتمانی لەبەغدا کۆئەبێتەوە وەلەکاتی پێویستیو بەپاری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەگونجێ لەجێگایەکی تر کۆببێتەوە •

مادەی دووەم : ماوەی ئەنجومەنی سێ ساڵەو لەیەکەم کوبونەوەیەوە دەست پێ ئەکات و لەسێیەم ساڵا لە دواکۆبونەوەیدا کۆتایی دێت •

ئەنجومەن لە خولی یەکەم ساڵیا لەڕۆژی شەممەی یەکی تشرینی یەکەمدا کۆئەبێتەوەو لەکوتایی کانونی یەکەما تەواو ئەبێ و دووەم خولی کوبونەوەکانی لە ڕۆژی شەممەی یەکی مانگی مارت دەستپێ

بڕوانە ل ٢

خەباتی یەکگرتووی شۆڕشگێڕانە ڕێگای سەرکەوتنی گەلەکەمانە

سەرۆك کۆمار کاك ئەحمەد حەسەن بەکر لەو وتارەی ئێوارەی دوو شەممە بە بۆنەی بیرەوەری هەردوو تەموزی پیرۆزەوە خوێندیەوە بەگشتی هەموو ئەرکەکانی جێبەجێ کردنی شۆڕشی نیشتمانی دیموکراتی دەست نیشان کردوو مەسەلە گرنگەکانی ئەم قۆناغەی بەباشی خستە روو کە لەناو بردنی شوێنەواری سیاسیو ئابوری ئیمپریالیزمو دەرەبەگو چارە کردنی مەسەلەی جوتیارو بایەخدان بە خەباتی پێشڕەوانەی چینی کرێکارو پیشەسەاز کردنی ولاتو نوێ کردنەوەی هەموو دەزگاکانی دەوڵەتو بنیات نانی پەیوەندی یەکی نوێ لەنێوان هاو ولاتیانو دەسەلاداریتی (السلطة) و چارە کردنی مەسەلەی کورد لەسەر بنماغەی جێبەجێ کردنی ئوتونومی کوردستان لە چوار چێوەی یەکێتی نیشتمانیدان •

ئینجا بەڕێز سەرەك کۆمار زۆر بە وردی باسی ئەو مەرجانەی کرد کە ئەم ئامانجە گرنگە بایەخدارانەی تیا ئەخەملێنو جێبەجێ ئەکرێن کە بەگژا چوونی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستانی دەرەوەو پتەو کردنی پەیوەندی نیوان گەلی عیراقو بزوتنەوەی نەتەوەی عەرەبو پشتیوانی گەلی فەلەستینو دۆستایەتی لەگەڵ ولاتە سوشیالیستو پێشکەوتن خوازەکانی دنیاو لایەنگیریو یەکێتی لەگەڵ خەباتی گەلانی ئازادی خوازانی دنیادان • وە لە مەیانی ناو خۆدا کە پتەو کردنی پەیوەندی، نێوان هێزە نیشتمان پەروەرو پێشکەوتن خوازەکانی عیراقو لەناوبردنی ئەو گیروگرفتو کۆسپانەی هاتوونەتە ڕێگای یەکێتی خەباتی ئەم هێزانەن •

بێ گومان دەست نیشان کردنو خەبات کردن بۆ جێبەجێ کردنی ئەم سیاسەتە ڕاستە قوڕغێکی گرنگی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتی یەکە قۆناغی شۆڕشی نیشتمانی دیموکراتی ئەبڕێتو ئاواتی شورشی پیرۆزی چواردەی تەموز کە ئەنجامی خەباتێکی سەختی درێژخایەنی کوردو عەرەبو کەمایەتی یەکانی عیراق بوو دێنێتە دی • وە تاقی کردنەوەی گەلەکەمانو گەلانی تری دنیا بە تایبەتی گەلە بە ئامانج گەیشتووەکانی دنیای سێیەم ئەو ڕاستی یەمان ئەخاتە پێش چاوو کە جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکە گرنگانە کارێکی سەختو گرانو هەوڵو تەقەللایەکی بێوچانی ئەوێت ، چونکە ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستانی دەرەوەو ناوەوەی ولات بە هەمو توانایەکیانەوە هەوڵی تێك دانو لەناوبردنی ئەم ئامانجانەی گەلی عیراق ئەدەنو پەنا ئەبەنە بەر هەموو ڕێگایەك بۆ بەربەست کردنی پیشکەوتنی گەلی عیراق • جا بۆ لەناو بردنی تەقەللای دوژمنانەو ڕوخێنەرانەی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستانو دوژمنانی شۆڕش پێویستە زەمینەی خەباتێکی یەکگرتووی کریکەری ئەوتۆ ساز بکرێت کە هەموو داوو دەزگاو بنکەو هەوڵو تەقەللای دوژمنانی گەلەکەمان لە زەگوریشە هەلکیشرێت •

بێ گومان پایەکانی دامەزراندنی ئەو زەمینەیە پیویستە لەتیژ کردنی خەبات دژی شوێنو شوێنەواری سیاسیو ئابوری ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستان پێك بێت ئینجا یەکێتی خەباتی هێزو دەستەو کەسانی ئیشتمان پەروەرو پیشکەوتن خواز وە پتەو کردنی یەکێتی خەباتی زەنجبەرانی گەلی عیراقو چارە کردنی کێشەو مەسەلەکانیانو جێبەجێ کردنی ئوتونومی کوردستانو پشتیوانی جەماوەری زەنجبەری خەلکی کوردستان کە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو مافە زەوایەن ، وە دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتی شورشگێری پتەوو قایمو لە تێك چون نەهاتوو کە مافە زەواکانی هەردوو گەل کوردوعەرەبو کەمایەتی یەکانی عیراقی تیا بگەشێتەوەو بخەملێتو جێبەجێ بکرێن تاکو ولاتەکەمان ببێت بە مەلبەندی بڵێسەی خەباتی شۆڕشگێڕانە نەك هەر بۆ گەلی عیراق بەڵکو بۆ

بڕوانە ل ٣

insitutekurde.com

هەژارەکانی گواتیمالا خوێنی خۆیان ئەفرۆشن

انور محمود
کردویە بەکوردی
×

لەوولاتی گواتیمالادا هەژارو لێقەوماوان ، لەشەقامە بەرینەکاندا ئەنووون و ئەحەسێنەوە .. لەناو ماڵەداروخاوو دەوارە شرەکانا ئەژین . زۆربەی زۆریان پێخەفی تەواوو پێویستی ناومالیان نییە ، لەقەرەوێلە شرێك یان مێزێك زیاتریان نییە ، کە ئەمانیشیان لە سەرەنوێلك دۆزیوەتەوە . لەکاتێکا کە هەریەکەیان باوك دایکی بێنج شەش منالن و قەت جارێك تێر بوونیان بەخۆیانەوە نەدیوە .

هەموو رۆژێك ئەم برسی و هەژارو چەوساوانە ناوی پێیان دادێت بۆ ئەوەی سەرە

گواتیمالادا هەموو رۆژی دیمەنێکی زۆر دل تەزێنن و سەرسام دووبارە ئەبێتەوە .. ئەو دیمەنەش ئەوەیە کە بەسەدان بگرە زیاتریش لەپیاوو ژن و منالی دانیشتوانی دەوروبەری ئەو شارە رووئەکەنە ناو شار ، لەبەر دەم دام و دەزگای کۆمپانیا خوێن مژەکانی ئەمەریکادا کۆئەبنەوە و زنجیرە ئەبەستن بۆ ئەوەی ئیشیان پێبکەن و لەباتی ئەو ئارەق رشتن و بازوو وەشاندنە ٣ دۆلار وەربگرن .

هەموو رۆژێك ئەم برسی و هەژارو چەوساوانە ناوی پێیان دادێت بۆ ئەوەی سەرە بێتە سەریان و کەمێك لە خوێنەکەیان بفرۆشن بەو کۆمپانیە ئەمەریکاییانە بەرامبەر بە پارەیەکی زۆر کەم .. جا هەر وولاتێك کە دەزگا جاسوسی یەکانی ئەمەریکا لووتی تێ بژەنێ و دەستیان بەسەرا بگات ، بە ئارەزووی خۆییان یاری بە بەروو بومی ئابووری ئەو وولاتە بکەن و بەپێی کەلك و قازانجی خۆییان تیایا ئەجوڵێنەوە و ئیش ئەکەن .

لەلایەکی تریشەوە هەژاری و کەم دەرامەتی تەنگی بەخێزانە هەژارەکانی گواتیمالا هەڵچنیوە لەبەر دەست کورتی و نەخۆشی و مردن وەکو خێوێك بەدەوریانا

ئەگەڕێ و زۆربەی منالی ئەم خێزانە هەژارانە بەساوایی ئەمرن .

دەسکەوتی ساڵانەی چینی مام ناوەندی لە (٤٥) دۆلار زیاتر نییە ، لەبەر ئەوەی بێکاری و کەم دەرامەتی دەورێکی زۆر باڵا ئەبینێ لەناویانا ، ئەمانە هەموو بوونەتە هۆی ناچار کردنیان بەوەی کە خوێنی خۆیان بفرۆشن بە ئیمپریالیزمی چاو برسی ئەمەریکا . دام و دەزگای کۆمپانیای (هیموکریبیان و سیدیسا) لە پایتەختی گواتیمالا پایتەختی هایتی و شاری مانابخوادا لقیان تیاکردۆتەوە .

ئیشوکاری ئەمانە تەنیا کڕینی خوێنی هەژارانە . هەموو رۆژی لەهەزار لیتر زیاتر خوێن بەنرخێکی هەرزان ئەکڕن و بە دە ئەوەندەی ئەو پارەیە ئەیفرۆشنەوە .

هەموو هەفتەیەك ئەم کارە ناشیرین و ناپەسەندو نامرۆڤایەتییە دووبارە ئەبێتەوە و بەردەوامە بۆ ئەوەی ئاواتی ئاغا کۆنەپەرستەکانیان بێتنەدی و گیرفانە قوڵەکانیان و وورگە زڵەکانیان لەسەر حیسابی ژیانی ئەو هەژارو بێدەرەتانانەو چەوساوانە پڕ کەن ، کە بەهیچ جۆرێك مانای خۆشی ژیانیان نەچێشتووە لەلایەکی ترەوە « ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی » بڕیاری داوە کە هەموو کەسێك بۆی هەیە خوێنی لێوەربگیرێ ، بەڵام بە ٣ مانگ جارێك .

لە « میامی بیچ » کە بارەگای کۆمپانیای

دوبارەی نەوت ئەمانەی خوارەوەن :

١ - قەرارداری ١٩٥٤ لە نێوان ئێران و کۆنسۆرسیۆمدا هەڵدەوەشێ . هەڵوە شانەوەی ئەوقەرارداد خائینانە تەنیا شتێکی تەبلیغاتیە و دەبێ گوێ بۆ باشماوەی داستانەکە بگرین .

٢ - ریژیم دەڵێ لە قەرار- دادی تازەدا ، چاوەدێری دۆزینەوەو ڕادەی دەرهێنانی نەوت لەئەستۆی ئێرانە . یانی شیرکەتێك بەناوی کاروباری

نەوت لەئێران سەبت دەکرێ و ئەوکارە وەئەستۆ دەگرێ . دیارە خاوەن بەشەکانی ئەوشیرکەتە هەموویان شیرکەتەکانی ئەندامی کونسورسیۆمن . کەوابوو ، « میللی بوون » تاقیرە مانای ئەوەیە کە «شیرکەتەکە لەئێران سەبت دەکرێ » . کەچی ریژیم ئەومەسەلەی ناو ناوە « بەکار هێنانی هەقی حاکمیەتەو دەسەڵاتداری تەواو بەسەر سەنعەتی نەوتدا » .

- ماویەتی -

پاشماوەی : دەربارەی خویندنی کوردی ...

شەقڵاوەو خوێندنو کتێبی کوردی چەند سەرنجێکی تایبەتیم هەیە کە بەم جۆرەیە :

١ - ئەو لیژنانەی کە ئەم کتێبانەیان داناوە هیچ کامیان ئاگایان لەوەی تر نەبوە ، کە پێویست بو ئاگاداری یەکترین بۆ بەکارهێنانی ئەو زاراوانە بە شێوەیەکی راستو یەکگرتو لەتەك باسەکانیان . بۆ نمونە : (فیعل) لە کتێبێکا (فرمان)ە، لە دوەمیان (کار)ە لەئەوەی تریان (کرداره) ، کە بێگومان ئەمەش شیرازەی زۆرشت ئەپچرێنێ و سەر لە قوتابی تێك ئەدا .

٢ - پێویستە ئەو کتێبانەی دادەنرێت بەگوێرەی رادەی بیری قوتابی بێت ، نەك پڕلی چوارەم لەهی شەشەم فورس تر بێت .

٣ - پێویستە رەچاوی ناوچەکانی کوردستان بکرێت ، بەتایبەتی بەشی بادینان و هەول بدرێ بۆ نزیك کردنەوەی شێوەکانی کوردی .

٤ - هەندێ کتێب هەیە بەز بابەتەکانی کەمەو پێویستە چاوی پێدابخشینرێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ سالی خوێندن بگونجێت .

٥ - ریزمان لە کتێبەکاندا پێویستی بە شەرح و لێدوانێکی زۆرەوە هەیە بۆ تەخت کردنی گیروگرفتەکانی .

٦ - زیادکردنی دەرسی کوردی لە قوتابخانەکاندا شتێکی زۆر پێویستە ، لە (٢) دەرسەوە بۆ (٤) دەرس - بەلایەنی کەمەوە - .

٧ - پێویستە لەسەر بەرێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی ، کە بۆ هەر پۆلێك و کتێبێك ، لیژنەیەك دابنێ ، بە مەرجێ هەمو لیژنەکانی تر ئاگایان لە یەکتربێ ، بۆ ئەوەی ئەو گیروگرفتانە نەهێڵن و سەیری هەمو بابەتەکانی ئەو کتێبانە بکەن و دەسکاریەکی باشی بکەن و هەمو زاراوەکانی کە بەکار دەهێنرێن یەکگرتوو راستبن ، تاوەکو قوتابی لەمەو زیاتر سەری پێ نەشێوێ و مامۆستاش رێگایەکی دیاری کراوو بێگیروگرفت بگرێتە

تەمووز بورکانێکە لە دەرونی گەلەوە هەڵقوڵاوە

پاشکەوتن و زۆر لێکردن و چەوساندنەوەو بێ ئیشی و هەژاری و زەوت کردنی سەربەستی و خنکاندنی بیری ئازادی و پیشکەوتنخوازی ئەمانە هەریەکە هۆیەك بون کە بون بە پاڵ پشتی هەرەس هێنان بە حوکمی پاشایەتی لە عیراقا ..

بیری شورشگیری و راپەرین و ئازادیخوازی و هیزی یەکگرتوی هەموو کۆرو کۆمەڵو تاقمو ریخراوە سیاسیەکان و ئاواتو ئارەزوی زەحمەتکیشان و هیوای مرۆڤە نیشتمان پەروەرەکانی وولات لەناو جەرگەی گەلی عیراقەوە جۆشی خواردو زیاتر لە جاران وەکو بیویستیەکی میژویی یەکیان گرتو لەناکاو لە بەرەبەیانی روژی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨دا تەقینەوە ..

تەقنیەوەو سوتاندن :

× لە گەل تەقنیەوەی شورشی تەواوی جەماوەری گەلی عیراقدا ئەو تاقمەی کە بووبوونە هوی زال کردنی دەسەڵاتی دەرەبەگ و کومپرادۆرەنوکەرەکانی بێگانە بەسەر وڵاتەکەمانا .. تەفرو تونا بوون .

× ئەو قەرارداد ەنهینیانەی کە ئابوری وڵاتی ئەبەست بە پاشکوی رەورەوەی بازرگانی وڵاتە ئیمپریالیستەکانەوە هەموویان درینران .

× ئەو کۆشکانەی کە جێگای ئازاردانی قیکری نەتەوایەتی و شورشگیری بوون کران بە بارەگای جەماوەری ئازادیخوازی گەل و بیروباوەری پیشکەوتوانە ..

× ئەو چەکەی کە بۆ دامرکاندنەوەی تەکانی شورشگیرانەی گەل ئامادە کرابو روی کرایە دوژمنەکانی گەل و ئەو کارخانانەی کە تیایا دروست کراوون ..

× ئەو پەیمانانەی کە وزەی وڵاتی ئەبەست بە چمکی شەڕی ئیمپریالیستەکانەوە هەڵوەشانەوە ..

× .. ..

لە یادی رۆژیکی وادا .. با دەس لە مل تر بین و لە جاران زۆر تر خۆمان گورج بکەینەوە با ئەم یادە هەمیشە بلیسەی خەباتی ئازادی خوازانەی گەلەکەمان بەرز- کاتەوە .

- ئاردەلان -

پاشماوەی : ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش

ئەکات و لەکۆتایی جوزەیرانا تەواو ئەبێ .

ماددەی سێیەم : ئەندامانی ئەنجومەنی - ١٠٠ - ئەندامن

ماددەی چوارەم : ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەندامانی ئەنجومەنی لە نوێنەری لایەنە سیاسی و ئایینی و کۆمەلایەتی- یەکانی گەل و کەسانی نیشتمان پەروەرو نەتەوەیی پێشکەو- تنخواز هەڵئەبژێرێت .

ماددەی پێنجەم : ئەوەی بەئەندامی ئەڵێژیردرێت ئەبێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی تیادا بێت :-

١ - لەعیراق لەدایك بووبێ و دایك و باوکی عیراقی بێ .

٢ - تەمەنی لە ٢٥ ساڵ کەمتر نەبێ .

٣ - هەموو مافێکی مەدەنی هەبێ .

٤ - نابێ ساڵی یان زیاتر لەسەر تاوانێکی ناسیاسی گیرابێ یان لەسەر تاوانێکی ناجوامیرانە (مخلە بالشرف) گیرابێو (رەدی اعتباری) بۆ نەکرابێ .

٥ - بەباشی بنوسێ و بخوێنێتەوە .

ماددەی شەشەم : ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەری هەموو جمهوریەتە .

ماددەی حەوتەم : نابێ ئەندامی ئەنجومەن لەدایرەی وەزیرەکانی هەبێ .

ماددەی هەشتەم : ئەندامی ئەنجومەن نابێ بەریوەبەری کشتی یاخود ئەندام یان سەرۆکی ئەنجومەنی بەریوەبردنی کومپانیایەکی (مساهمە) یان کۆمپانیایەکی - ذات مسؤولیە محدودە - بێ یان کومپانیایەکی گشتی . بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە ئەندامە لەو ئەنجومەنەدا .

ماددەی نۆیەم : نابێ ئەندامی ئەنجومەن لەماوەی ئەندامێتی- یدا لەگەل حکومەت یان کەسانی ترا راستەوخۆیان ناراستەوخۆ قونتەرات بکات و بە کڕینی و فروشتنی مالی دەوڵەتەوە خەریك بێت .

ماددەی دەیەم : ئەندامێتی لەئەنجومەندا کۆتایی نایەت بەبێ تەواوبونی ماوەکەی یاخود بەبێ دەرچونی مەرسومی هەڵوەشاندنەوەی یان لابردنی سیفەتی ئەندامێتی .

ماددەی یانزەهەم : ئەندامێتی لەهیچ ئەندامێکی ئەنجومەن ناسەنرێتەوە تاوەکو بەزۆری سێیەکی ئەندامان و لەسەر داخوازی سەرۆکی ئەنجومەن یاخود بەلای کەمەوە بیست ئەندام بریاری لەسەر نەدەن .

ماددەی دوانزەهەم : ئەندامی ئەنجومەن ئەتوانی دەست لەکار بکێشێتەوە ، بەڵام تاوەکو لەنجومەن بەم ئیستقالەیەی

سەرکردایەتی شورش

رازی نەبێ دەست لەکار کێشانەوەکەی لێقبول ناکرێ .

ماددەی سێ نزەهەم : ئەندامی ئەنجومەن پێش ئەوەی دەست بەکارەکەی بکات لەکۆبونەوە- یەکی ئاشکرادا ئەم سوینده ئەخوات :

(سویند بەخوای گەورە ئەخوم کە دلسۆزی نشتمان و نەتەوەکەم بم سیستەمی جمهوری و دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٧ی تەموز بپارێزم و ریزی دەستورو یاسا بگرم و بەرژەوەندی گەل و یەکێتی خاکی نیشتمان بپارێزم .

ماددەی چواردەهەم : پێویستە سەرۆك ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە چوڵبوونی کورسی یەکی ئەنجومەن ئاگادار بکات بۆ ئەوەی یەکێکی تر لەجیگاکەیا دابنرێ .

ماددەی پانزەهەم : ئەنجومەن لەخولی ئاسایی دا یەکەم کۆبو- نەوەی بە سەرۆکایتی ئەو- ئەندامەی ئەبێ کە بەتەمەن لە هەموویان گەورەترە وە لەو کۆبونەوەیەدا بە هەڵبژاردنی نهێنی سەرۆك و دوو جێگری سەرۆك هەڵئەبژێردرین .

ماددەی شانزەهەم : سەرۆکی ئەنجومەن دوای ئەوەی هەڵئە- بژیردێت لەبەردەم ئەنجومەندا ئەوسوێندە دەستوریە ئەخوات کە لەماددەی ٥٩ی دەستوری وەختی دایە .

ماددەی حەفدەهەم : سەرۆکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کوبو- نەوەو هەڵسۆراندنو راپە- ڕاندنی دانشتنەکانی ئەگرێتە ئەستۆو کوبونەوەکانی ئەنجو- مەن بەئاشکرا ئەبێ . وە ئەگونجی کە لەسەر داخوازی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردا- یەتی شۆڕش یاخود لەسەر داخوازی سەروکی ئەنجومەن یان داخوازی ٢٠ ئەندامی و بەرازی بوونی ئەنجومەن کوبو- نەوەکە یەنهێنی بێ .

ماددەی هەژدەهەم : ئەنجو- مەن دوای هەڵبژاردنی سەرۆك و دوو جێگرەکەی ئەم لیژنە هەمیشەییانەی خوارەوە هەڵئە- بژێرێت :

١ - لیژنەی کاروباری یاسا

٢ - لیژنەی کاروباری دارایی و ئابوری .

٣ - لیژنەی کاروباری ناوخۆ .

٤ - لیژنەی کاروباری عەرەب و دەرلەتان .

ماددەی نۆزدەهەم : ئەنجو- مەن سیستەمی ناوخۆ دائەنێ و سیستەمەکە جۆرو رێگای کارکردنی دیاری ئەکات .

ماددەی بیستەم : ئەم یاسایە لەگەل بڵاوکردنەوەی لەرۆژنا- مەی رەسمی یا ، جێبەجێ ئەگرێت .

ماددەی بیستو یەکەم : پێویستە وەزیرەکان ئەو یاسایە جێبەجێ بکەن .

احمد حسن بکر
سەروکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

پاشماوەی : هەردو پارتی ...

کۆنەپەرستان و لەپێناوی بنیات نانی و پێشکەوتن دا ، سەرکۆمار وتویە ، لەم بۆنەیەدا ئەمەوێ ئەو قسەیە بکەمەوە کەدوێنی وتم : ئێمە بەرەیەکمان ناوێ ئێمرۆ پێك بێت و سەبەینی هەڵوەشێتەوە ، بەڵکو بەرەیەکی پتەوو هەمیشەییمان ئەوێ کە ئاسۆیەکی ستراتیژی درێژ- خایەنی هەبێ . نمونەیەکی دروستبێ بۆ هەموو هێزە نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەو- خوازەکانی نیشتمانی عەرەب ، وتنخواز ئامانجێکی گەورەیە کە هەروەها ئەمەوێ بەم بۆنەیەوە ساغی کەینەوە کە ئێمە بەدڵسۆزی یەوە هەوڵ ئەدەین ڕاوێژ لەگەل دیموکراتی کوردستاندا تەواو بکەین و لەگەڵیانا بگەینە شێوەی رێککەوتن .. بەتایبەتی ئێمە بە یەکەوە قۆناغێکی گرنگی و تووێژکردنمان بریوە ، ... لەم رۆژانەدا کەگەلەکەمان عەرەوەها رۆڵەکانی گەل ، لە شایی و ئاهەنگەکانی چواردەو نەتەوەپەروەرو پێشکەوتنخوازو دیموکراتی و سەربەخۆکان دەورێکی گرنگیان ئەبێ لەکاری بەرەو رێکخراوەکانیا .

ئینجا کاك عزیز محمد سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی پارتی کومونیست و تارێکی خوێندەوە تیایدا وتی : ئێمەش گەورەیە لە رێگای قولکردنی رێرەوی شۆڕشی ١٧ی تەموزا .

تەقەرارداد ی تازەی نەوت و خەباتی گەلانی ئێران

- ٢ -

وەرگێڕانی : ئاوق

ئەوکاتەی دەنگ و باسی کڕینی سێ میلیارد دۆلار چەك لەلایەن شاوە ، لەچاپەمەنی ئیمپریالیستەکاندا بڵاودەبۆوەو بەرەبەرە بۆخەلك ڕوونەدەبۆوە ، لەئێراندا دەسکا تەبلیغاتیەکانی ریژیم هەراو هۆریایەکی بێوێنەیان لەبارەی میللی بوونی نەوتی ئێرانەوە بەرپاکرد ، وڵاتیان چراخان کرد ، خۆپیشاندانیان وەرێخستو ئاخوتنەدە دەربارەکان دوعایان بۆ گیانی شا کردو ئەوەبوو بە ئاخرین خۆراکی تەبلیغاتی رژیمی شا . بەڵام بۆ دلنیاکردنی ئیمپریالیزم ، شا لەگەل یەکێك لە لێپرسراوانی دەستەی نووسەرانی روژنامەی« نیوزویك » وتووێژێکی پڕمانای کرد ، بەچەشنێك کە لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا کە « ئێوە لەکاتیکدا ئەوچەکەتان کڕیوە ، میلیاردێك دۆلارپشتان بۆ دامەزراندنی پێکەی تازەخەرج نەکردوە ؟ » شای ئێران بەم جۆرە هاتە جواب : «چاەبهاردەکرێتە پێکەیەکی هێزی زەمینی و دەریایی و هەوایی وهیچ هێزێکی وا گەورە بۆ پاریزگاری رێگاکانی خەلیج لەئوقیانووسی هیندا نیە . پێکەی بندر عباس لەدەرووی هورمز کە ئێستا وەختە ئەواو بێ ، گرنگترین رێگای باروگوازتنەوەی نەوتی دنیا دەپارێزێ . هەرچەند ژاپۆن سەدی نەوەدی نەوتی خۆی لە خەلیج دەکڕێ ، بەڵام ئەمەوڵاتە لەوەزعێکی وادا نیە کە ئەمنیەتی پێداویستی (نەوتری) دابین بکا . ئەومەسەلە بۆ وڵاتانی نوروپای رۆژئاواش لەئۆرێ دایە کە لەسەداسەستی پێداویستی نەوتی خۆیان لەوڵاتانی خەلیج وەردەگرن . دوکترینی نیکسۆن دەڵێ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانی لەوکەسانە دەکا کەخۆیان بێ بەریوە بچێ . ئەوە ڕاست ئەوکارەیە کە ئێمە خەریکین جێبەجێی بکەین » . ئەوهەموو بێشەرمی و پڕروویی شا بۆ ڕاگەیاندنی نۆکەری و گوێ لەمستی خۆی ، بەومانایە نیە کە بەستراوەیی ریژیم بەئیمپریالیزم ئەمەدوایینە بەهێزتر بووە ، بەڵکوو ریژیمی شا بەگوێرەی ماهیەتی خۆی هەمیشە گوێ لە مستر نۆکەرسیفەت بووەوەڕاگەیاندنی ئەونۆکەریە بەوبێ پەردەیی و ڕووهەڵماڵاویە تەنیا نیشانەی توندوتیژبوونی ناتەبایە کە لەئەنجامی فەیرانی ئێنێرژیدا شای شایان ناچار دەکا لەناوخۆی وڵاتدا دەمڵە میللی کردنی نەوت و سەربەخۆیی نیشتمانی وەربداوهەرلەوکاتەدا لە روژنامەکانی دەرەوەدا بەپانەوە بڵێ کە ئێمەمیلیارد میلیارد چەك دەکڕین ، چونکە نیکسۆن دەیەوێ ئەوکارە بکەین و چونکە ژاپۆن و ئەوکاتەی دەنگ و باسی کڕینی سێ میلیارد دۆلار چەك لەلایەن شاوە ، لەچاپەمەنی ئیمپریالیستەکاندا بڵاودەبۆوەو بەرەبەرە بۆخەلك ڕوونەدەبۆوە ، لەئێراندا دەسکا تەبلیغاتیەکانی ریژیم هەراو هۆریایەکی بێوێنەیان لەبارەی میللی بوونی نەوتی ئێرانەوە بەرپاکرد ، وڵاتیان چراخان کرد ، خۆپیشاندانیان وەرێخستو ئاخوتنەدە دەربارەکان دوعایان بۆ گیانی شا کردو ئەوەبوو بە ئاخرین خۆراکی تەبلیغاتی رژیمی شا . بەڵام بۆ دلنیاکردنی ئیمپریالیزم ، شا لەگەل یەکێك لە لێپرسراوانی دەستەی نووسەرانی روژنامەی« نیوزویك » وتووێژێکی پڕمانای کرد ، بەچەشنێك کە لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا کە « ئێوە لەکاتیکدا ئەوچەکەتان کڕیوە ، میلیاردێك دۆلارپشتان بۆ دامەزراندنی پێکەی تازەخەرج نەکردوە ؟ » شای ئێران بەم جۆرە هاتە جواب : «چاەبهاردەکرێتە پێکەیەکی هێزی زەمینی و دەریایی و هەوایی وهیچ هێزێکی وا گەورە بۆ پاریزگاری رێگاکانی خەلیج لەئوقیانووسی هیندا نیە . پێکەی بندر عباس لەدەرووی هورمز کە ئێستا وەختە ئەواو بێ ، گرنگترین رێگای باروگوازتنەوەی نەوتی دنیا دەپارێزێ . هەرچەند ژاپۆن سەدی نەوەدی نەوتی خۆی لە خەلیج دەکڕێ ، بەڵام ئەمەوڵاتە لەوەزعێکی وادا نیە کە ئەمنیەتی پێداویستی (نەوتری) دابین بکا . ئەومەسەلە بۆ وڵاتانی نوروپای رۆژئاواش لەئۆرێ دایە کە لەسەداسەستی پێداویستی نەوتی خۆیان لەوڵاتانی خەلیج وەردەگرن . دوکترینی نیکسۆن دەڵێ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانی لەوکەسانە دەکا کەخۆیان بێ بەریوە بچێ . ئەوە ڕاست ئەوکارەیە کە ئێمە خەریکین جێبەجێی بکەین » . ئەوهەموو بێشەرمی و پڕروویی شا بۆ ڕاگەیاندنی نۆکەری و گوێ لەمستی خۆی ، بەومانایە نیە کە بەستراوەیی ریژیم بەئیمپریالیزم ئەمەدوایینە بەهێزتر بووە ، بەڵکوو ریژیمی شا بەگوێرەی ماهیەتی خۆی هەمیشە گوێ لە مستر نۆکەرسیفەت بووەوەڕاگەیاندنی ئەونۆکەریە بەوبێ پەردەیی و ڕووهەڵماڵاویە تەنیا نیشانەی توندوتیژبوونی ناتەبایە کە لەئەنجامی فەیرانی ئێنێرژیدا شای شایان ناچار دەکا لەناوخۆی وڵاتدا دەمڵە میللی کردنی نەوت و سەربەخۆیی نیشتمانی وەربداوهەرلەوکاتەدا لە روژنامەکانی دەرەوەدا بەپانەوە بڵێ کە ئێمەمیلیارد میلیارد چەك دەکڕین ، چونکە نیکسۆن دەیەوێ ئەوکارە بکەین و چونکە ژاپۆن و

لاپەرە -٢-

institut kurde de paris

چاککردنی چەند بەندێکی دەستور

ئێوارەی شەممەی رابوردوو ١٤-٧ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش بڕیاری‌دا کە دەستوری وەختی دەسکاری‌بکات ، وە ئەو ماددانەی دەسکاری کراون ئەمانەی خوارەوەن :

١- ماددەی ٥٦ : سەرکۆمار سەرۆکی دەوڵەت‌و فەرماندەی هێزی چەکداراە هەروەها بەپێی ناوەروکی ئەم‌دەستورە راستەوخۆ یاخود بەیارمەتی جێگران‌و وەزیران ئەرکی جێ‌بەجێ کردنی دەسەڵاتی تەنفیزی ئەکەوێتە سەرشان .

٢ - ماددەی ٥٧: سەرکۆمار ئەم دەسەڵاتانەی هەیە :

آ - پاراستنی سەربەخۆیی وڵات‌و یەکێتی خاکەکەی‌و پاراستنی ئاسایشی ناوخۆو دەرەوەی‌و راگیرکردنی مافو سەربەستی هەموو هاوولاتی‌یان

ب - چەسپاندنی زروفی **ئاشایی (طوارئ) لە هەموو** وڵات‌و بەشیکی لابردنی بەپێی یاسا .

ج - دانانی جی‌گرانی سەرکۆمارو وەزیران‌و لابردنیان

د - دانانی حاکم‌و قازی‌و موچەخورانی دەوڵەت -مەدەنی‌و عەسکەری - تەرفیع‌پێ‌کردنیان‌و **لابردن‌و تەقاویت کردنیان** لەگەل بەخشینی خەڵات‌و پلەی عەسکەری بەپێی یاسا .

هـ - دانانی پروژەی بودجەی گشتی دەوڵەت‌و بودجەی سەربەخۆو ئیستثماری‌یانەی خراوەتە سەریان وە - اعتمادی حسابی ختامی - ئەم بودجانەو سپاردنیان‌بە ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ لێکولینەوەیان .

و - گەڵاڵەکردنی نەخشە گشتی‌یەکانی تایبەت بە کاروباری ئابوری‌و کۆمەلایەتی دەوڵەت کە وەزارەتە خاوەن پەیوەندی‌یەکان دایئەنین لەگەڵ رەوانەکردنی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی .

ز - بەستنی پەیمانی سەربەرشتی‌کردنی هەڵسوراندن‌و قەرزو قۆڵەکردن‌و وەرگرتن‌و ریکخستنی پارەو (الائتمان) (بارمتە) .

ح - سەرپەرشتی‌کردنی داوو دەزگا رەسمی‌و نیمچەرەسمی‌و دەزگاکانی کەرتی گشتی .

ط - ئاراستەو چاودێری کردنی کاروباری وەزارەت‌و دەزگا گشتی‌یەکان‌و ریکخستنی ئیش‌وکاری نێوانیان .

ك - راوێژکردن‌و بەستنی پەیمان‌و ریککەوتنامەی نێوان دەوڵەتان .

ل - قبوڵکردنی نوێنەرە دیپلوماتەکانی دەوڵەتان لەعیراق‌و داواکردنی بردنەوەیان .

م - دانانی نوێنەرانی دیپلوماسی عیراق لەپایتەختی ولاتانی عەرەب‌و بێگانەو لە کونگریس‌و ریکخراوە دەوڵەتی یەکاندا .

ن - دەرکردنی لێبوردنی تایبەتی‌و پەسندکردنی حوکمی لەناوبردن (اعدام) .

س - سەرپەرشتی کردن بۆئەوەی دەستورو یاساو بڕیارو حوکمی قەزاو پروژەکانی پەرەپێدان لەسەرانسەری کۆماری عیراقدا بەباشی جێ‌بەجێ بکرێن .

ع - سپاردنی هەندێ دەسەڵاتی دەستوری بەیەکێ یان لەیەکێ زیاتر لە جێگرانی .

ئاوەع

دەربارەی خوێندنی کوردی لە کۆڕی شەقڵاوەدا چی چاوەڕوان دەکرێ !

مەمتاز حیدری

ئەم مامۆستا بەرێزانە لەم بەشەدا دەربارەی کۆبونەوەی شەقڵاوەو خوێندنی کوردی‌و کتێبی کوردی بۆ هاوکاری ئەدوێن ..

پ : ئەوەی زانراوە ، لە مانگی ئابی داهاتووا ، کۆبونەوەیەکی فراوان دەربارەی خویندنی کوردی‌و کتێبەکانی لە شەقڵاوەدا لەلایەن بەریوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی رێك‌دەخرێ . بەرای ئێوە چ باشە بکرێ‌و چۆن کۆبونەوەکە دەربارەی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی خوێندنی کوردی‌و کتێبی کوردی سەرکەوتن وەدەس دینێ ؟

وەلامی مامۆستا ئەحمەد ئەوشەبەندی

بیگومان بەستنی ئەم جۆرە کۆڕە فراوانانە کارێکی پەسەندو رەوایە ، بۆ پێداچونەوەو تەختکردنی گیروگرفتەکان . دیارە ئەم ئەرکە پڕوژەش کەوتۆتە سەرشانی شارەزایانو مامۆستایانی لێهاتوو کە بەوپەڕی دڵسۆزیەوە دەتوانن دەوری گرنگی خۆیان لە رێژەوی نەتەوایەتی‌دا ببینن .. رای تایبەتی منیش بەم چەشنەی خوارەوەیە :

١ - پێویستە پروگرامێکی رێك‌وپێك بخرێتە پێش بەشدار بوان ، بۆ ئەوەی مەسەلەکە بایەخێکی باشی پێ‌بدرێ چ لە بارەی پەروەردەو یان لە بارەی فێرکردنەوە .

٢ - راستیەکەی - لەم سەردەمەدا - پێویستیمان بە کۆنگرەیەك هەیە لە شێوەی کۆنگرەی شەقڵاوەی ساڵی (١٩٥٩) بۆ بنیات نانی بنچینەیەکی پتەوی پەروەردەو زانیاری‌و فێرکردن لە کوردستان‌دا .

٣ - ئەگەر ئەمەش نەلوا ، ئەبێ هەوڵی سودوەرگرتن بدرێ لەم کۆبونەوە فراوانە کە بێگوماو شتێکی بە قیمەتە .

٤ - پێویستە دوو حەفتە بەر لە کۆڕەکە ، بانگ‌کرا هێشتراوان ئاگادار بکرێنەوە .

٥ - ماوەی بەستنی کۆڕەکە - بەلایەنی کەمەوە - لە (١٠) رۆژ کەمتر نەبێ .

٦ - شیرازەیەکی گشتی رێك‌وپێك لە بارەی پەروەردەو فیرکردنەوە دابندرێ بۆ دواروژی هەمو بەرهەمێك کە لەلایەن شارەزایان‌و مامۆستایان دێتەکایەوە .

٧ - ئەبێ ئەم کۆبونەوەیە بریتی بێ لە بەشداربونی مامۆستایان‌و شارەزایان چونکە وەك کونوتیانە (نان بۆ نانەوا، گۆشت بۆ قەساب) .

٨- ئەبێ هەمو بانگ‌کراوان هەست بە قولی مەسەلەکە بکەن نەك وەخت رابواردن‌و هەواركە گۆڕین .

٩- دەبێ هەمو لایەك دەورای راسپێراوی خۆی بە شیاوی جێ‌بەجێ بکا .

١٠ - پێویستە ئەو بەرهەمانەی کە بەم کۆڕە پێش‌کەش دەکرێن بەتەواوی لەگەڵ ئاست‌و واقیعی‌قوتابیانی کوردستان بگونجێ .

١١ - بەرهەمی داهاتومان دەبێ بە چاوێکی قول‌و فراوان سەیر بکرێ ، لە سەردەمی چونە ناو مانگ‌و تەکنولوژی‌و پتروکیمیادا .

١٢ - دەبێ بەرهەمی داهاتومان هاندەرێك بێ بۆ هەمو جۆرە داهێنان‌و بەهرەو شیاوی لێهاتوویەك .

وەلامی مامۆستا نجاة کریم - کەرکوك

من پێشەکی دەڵێم . ئەو کتێبانەی کە بۆ یەکەم جار لە ئەوەی زانراوە ، لە مانگی ئابی داهاتووا ، کۆبونەوەیەکی فراوان دەربارەی خویندنی کوردی‌و کتێبەکانی لە شەقڵاوەدا لەلایەن بەریوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی رێك‌دەخرێ . بەرای ئێوە چ باشە بکرێ‌و چۆن کۆبونەوەکە دەربارەی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی خوێندنی کوردی‌و کتێبی کوردی سەرکەوتن وەدەس دینێ ؟

وەلامی مامۆستا فایق فریق

لە وەختی خۆی‌دا بەریوەبەرایەتی خوێندنی کوردی بە نوسراوی رەسمی داوای لە هەمو مامۆستایانی کوردی کردوە ، کە رای خۆیان بەدورو درێژی لەسەر بابەت‌و کتێبەکانی کوردی دەربڕن . ئێستاش کە هەمان پرسیار لەمامۆستایان کراوە ، بێگومان هەر یەکە باسی چەند بابەتێکی کردوەو زۆر دڵنیام کە هیچ بابەتێك نیە باس نەکرابێ . بەڵام بەشێوەیەکی گشتی چەند ئەرکیك لەسەر شانی بەرێوەبەرێتی کوردی هەیە پێویستە بیخاتە بەرچاوو باسیان بکا . بۆ نمونە : نزیك‌کردنەوەی شێوەکانی کوردی لەیەکتر ، چەند بابەتیك هەیە ئەکادیمین‌و پێویست نیە بەم درێژیە باس بکرێ ، کەچی شتی وا هەیە بەکورتی باسی لێ‌کراوە کە ئەبوایە درێژەی پێ بدرێ . بابەتی‌واش هەیە پێویستی بە رون‌کردنەوە هەیە ، ئەبێ نوسەرانی رێزمان ئاکاداری ئاکاری رێزمانی کوردی بن‌و ئەوەندە شتی ئینگلیزی‌و فەرەنسایی‌و فارسی نەئاخننە نێو رێزمانە کەمانەوە ، ئەبێ هەوڵی پترکردنی سەرچاوەی



کوردستان‌دا ، هەوڵیش بدرێ بۆ نزیك‌کردنەوەی هەردو شێوەکەی کرمانجی سەرووو خواروی کوردی لە کتێبەکان‌دا چ دەربارەی شیعر چ دەربارەی شیعرو فۆلکلۆر .

٤ - ئاگاداریەکی زیرەك‌و پوخت و رەوان‌و زانستیانەی رێزمانی کوردی بکرێ لە قوناغەکانی خوێندن‌و پۆلەکان‌دا نەك بەم شێوە پچرپچرەی کە ئێستا لە کایەدایە وەك کتێبەکانی قوتابخانەی ناوەندی چ‌لەبارەی ئاوەڵناوو چ‌لەبارەی فەرمان‌و وشەوە .

٥ - ئەبێ بابەتەکانی بۆلی یەکەمی ناوەندی پتر بکرێت ، چونکە رێزمانەکەی زۆر کەمە .

وەلامی مامۆستا عبدالرحمن حسین

بەرای من لە کۆڕی فراوانی شەقڵاوەدا ئەم خاڵانە رەچاوبکرێن . :

أ - لە خواروی عیراق :

١ - خوێندنی کوردی لە خواروی عیراق‌دا تەنیا لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی‌دا دەخوێندرێ دەرسە قورس و گرانەکانیش وایان لێ‌ئەکا کەمتەرخەمی بنوێنن‌و بایەخ نەدەن بەو دەرسانەی کە داخیلی تاقی‌کردنەوەکانی وەزاری نین جا خۆ ئەگەر دەرسی کوردی لە پۆلی چوارەمی گشتی‌دا، یان لە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی‌دا بخوێندرایە ، ئەمە زۆر باشترو لەبارتر دەبو .

٢ - دوو وانە لە هەفتەیەکا بەس نیە ، بۆ فیربونی زمانێك کە قوتابیەکی عەرەب هەر گوێی لێ‌نەبوە .

٣ - کتێبی کوردی نوێی پۆلی شەشەمی ئەم ناوچەیە پێویستبو کەمێك نمونەی ئەدەبی کوردی بۆ قوتابیە عەرەبەکان پێشان دابایە .

ب - لە کوردستان‌دا :

١ - ئەبێ بە چاوی وردو بیرێکی تیژەوە سەرنجی‌ئەو رەخنانە بدرێ کە تا ئێستاش لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەکانا دەنوسرێتەوە دەربارەی کتێبەکانی خوێندنی کوردی .

٢ - پێویستە جیاوازی لەنێوان دەرسی کوردی پۆلەکانی زانستی‌و وێژەیی شەقڵاوەدا ئەبێ ئەم خاڵانە رەچاوبکرێن . :

أ - لە خواروی عیراق :

١ - خوێندنی کوردی لە خواروی عیراق‌دا تەنیا لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی‌دا دەخوێندرێ دەرسە قورس و گرانەکانیش وایان لێ‌ئەکا کەمتەرخەمی بنوێنن‌و بایەخ نەدەن بەو دەرسانەی کە داخیلی تاقی‌کردنەوەکانی وەزاری نین جا خۆ ئەگەر دەرسی کوردی لە پۆلی چوارەمی گشتی‌دا، یان لە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی‌دا بخوێندرایە ، ئەمە زۆر باشترو لەبارتر دەبو .

٢ - دوو وانە لە هەفتەیەکا بەس نیە ، بۆ فیربونی زمانێك کە قوتابیەکی عەرەب هەر گوێی لێ‌نەبوە .

٣ - کتێبی کوردی نوێی پۆلی شەشەمی ئەم ناوچەیە پێویستبو کەمێك نمونەی ئەدەبی کوردی بۆ قوتابیە عەرەبەکان پێشان دابایە .

ب - لە کوردستان‌دا :

١ - ئەبێ بە چاوی وردو بیرێکی تیژەوە سەرنجی‌ئەو رەخنانە بدرێ کە تا ئێستاش لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەکانا دەنوسرێتەوە دەربارەی کتێبەکانی خوێندنی کوردی .

٢ - پێویستە جیاوازی لەنێوان دەرسی کوردی پۆلەکانی زانستی‌و وێژەیی



گۆشەی ئەندروستی

خوێن‌بەربوونی لووت

-١-

دکتۆر نەوزاد

● خوێن بەربوونی لووت‌نەخۆشی‌یەکە لەو نەخۆشیانەی کە بە هۆی گەلێ هۆوە پەیدا‌ئەبێت وە نەخۆشێکە بڕێتیە لە بلاوبونەوە رووشانی بۆریەکانی‌خوێن وە نەخۆش خوێن بە لووتیدا دێتەخوارەوە سەرەرای‌لەکیس‌چوونی بەشێك لە خوێنی لەش لەم رێگایەوە نەخۆش لەوانەیە توشمی نارەحەتی‌و تێکچونێکی نەفس‌خراپیش ببێت .

● هۆیەکانی ئەم نەخۆشیە زۆرن گرنگەکانیان ئەمانەن کە ئازار بەلوت بکات لەئەنجامی لێدان یابەسەرلوتدا کەوتنەوە پەیدا ئەبێت کە ئەبێتە هۆی بڕیندار بوونی هەندی بوری ناولوت‌و خوێنیان لی‌دێتە-خوارەوە .

هەندێ جاریش بەهۆی هەوکردنی ناوەوەی لوت وە نەخۆشێکانی دروست ئەبێت‌وەکو ئەنفلۆنزاو گرانەتا کە بەهۆی بەکتریاوە دروست ئەبێت . جاری واش هەیە بەهۆی نەخۆشێکانی لەشەوەوەکو بەرزبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن ، وە نەخۆشێکانی خوێن وەکو کەم بوونەوەی خوێن یاخود نەخوشی شێرپەنجەی خوێن ، مرۆڤی واش هەیە ئەم نەخۆشی‌یەی بەمیراث پشتاو پشت بۆ ئەمێنێتەوە وە لەویشەوە ئەچێت بۆ نەوەی تازە .

بێجگە لەمانە ماندوبوون‌و هیلاك بوون‌و گەران‌و زۆر وەستان لە گەرماو لەبەر هەتاو راوەستان ئەبنە هۆی بەربوونی خوێنی لوت .

- ماوێتی -

وەلامی مامۆستا یاسین مصطفی

من دەربارەی کۆبونەوەکەی بروانە : ل «٢»

وەلامی مامۆستا عبدالرحمن حسین

بەرای من لە کۆڕی فراوانی بەریوەبەرایەتی خوێندنی کوردی بە نوسراوی رەسمی داوای لە هەمو مامۆستایانی کوردی کردوە ، کە رای خۆیان بەدورو درێژی لەسەر بابەت‌و کتێبەکانی کوردی دەربڕن . ئێستاش کە هەمان پرسیار لەمامۆستایان کراوە ، بێگومان هەر یەکە باسی چەند بابەتێکی کردوەو زۆر دڵنیام کە هیچ بابەتێك نیە باس نەکرابێ . بەڵام بەشێوەیەکی گشتی چەند ئەرکیك لەسەر شانی بەرێوەبەرێتی کوردی هەیە پێویستە بیخاتە بەرچاوو باسیان بکا . بۆ نمونە : نزیك‌کردنەوەی شێوەکانی کوردی لەیەکتر ، چەند بابەتیك هەیە ئەکادیمین‌و پێویست نیە بەم درێژیە باس بکرێ ، کەچی شتی وا هەیە بەکورتی باسی لێ‌کراوە کە ئەبوایە درێژەی پێ بدرێ . بابەتی‌واش هەیە پێویستی بە رون‌کردنەوە هەیە ، ئەبێ نوسەرانی رێزمان ئاکاداری ئاکاری رێزمانی کوردی بن‌و ئەوەندە شتی ئینگلیزی‌و فەرەنسایی‌و فارسی نەئاخننە نێو رێزمانە کەمانەوە ، ئەبێ هەوڵی پترکردنی سەرچاوەی

بەکەلك بدری لە کتێبخانەی قوتابخانەکان‌دا . ئاگاداری ئەمرۆی نەتەوایەتی کوردی رەچاو بکرێ .

وەلامی مامۆستا فایق فریق

لە وەختی خۆی‌دا بەریوەبەرایەتی خوێندنی کوردی بە نوسراوی رەسمی داوای لە هەمو مامۆستایانی کوردی کردوە ، کە رای خۆیان بەدورو درێژی لەسەر بابەت‌و کتێبەکانی کوردی دەربڕن . ئێستاش کە هەمان پرسیار لەمامۆستایان کراوە ، بێگومان هەر یەکە باسی چەند بابەتێکی کردوەو زۆر دڵنیام کە هیچ بابەتێك نیە باس نەکرابێ . بەڵام وەك ئاشکرایە زۆرکەمو کورتی تێدایە وەك :

١ - دانەرەکانی کتێبەکان هیچیان ئاگایان لەوانی‌تر نیە ، خۆ ئەگەر بهاتایە کۆبونەوەیەك لە نیوانیان‌دا بکرایە زۆر لە کەم و کورتیەکان راست دەکرانەوە .

٢ - کتێبەکان زۆر بە پەلە دانراون ، بۆیە دانەرەکان کەوتونەتە هەڵەی زەق‌و دیارەوە .

٣ - ئەبێ ئاگاداری رادەی خوێندەوارەی بن لە هەمو ناوچەکانی

کوردستان‌دا ، هەوڵیش بدرێ بۆ نزیك‌کردنەوەی هەردو شێوەکەی کرمانجی سەرووو خواروی کوردی لە کتێبەکان‌دا چ دەربارەی شیعر چ دەربارەی شیعرو فۆلکلۆر .

٤ - ئاگاداریەکی زیرەك‌و پوخت و رەوان‌و زانستیانەی رێزمانی کوردی بکرێ لە قوناغەکانی خوێندن‌و پۆلەکان‌دا نەك بەم شێوە پچرپچرەی کە ئێستا لە کایەدایە وەك کتێبەکانی قوتابخانەی ناوەندی چ‌لەبارەی ئاوەڵناوو چ‌لەبارەی فەرمان‌و وشەوە .

٥ - ئەبێ بابەتەکانی بۆلی یەکەمی ناوەندی پتر بکرێت ، چونکە رێزمانەکەی زۆر کەمە .

وەلامی مامۆستا نجاة کریم - کەرکوك

من پێشەکی دەڵێم . ئەو کتێبانەی کە بۆ یەکەم جار لە شەقامەکانی رانیەو دروست کردنی زیراب‌و پاکردنەوەو چاکردنی جۆکەکانی ناوی سەروچاوەو دروست کردنی قوتابخانەیەکی ئامادەیی بەردی بناغەی بۆدانەنرێت .. وە لەبارێگای دهۆکدا شەش قوتابخانەیەکی ئامادەیی .. وە ئیسلام‌و ئەرادن لەئامیدی وەلینافا لەشاری دهۆك وەلە ئەشکەوتی فازاو ابراهیم لە زاخۆ دانەنرێت هەروەها ئەو قوتابخانانەی لەدیرێ مامرەشان لەقەزای شیخان لەشاری دهۆکدا لەگەڵ ئەو مەلبەندە تەندروستیانەی لەناحیەکانی‌شرانش‌و سلێڤانی‌و مانگێژو سمیل‌و عاس‌و بامەرنی‌و لەگەڵ‌ئەومەلبەندانەی لە سواوەتوکاو دیمکاو باوان‌و شنازی‌و دینو دشماسیك‌و بێزهیو لبنافا دروست‌ئەکرێن بەردی بناغەیان بۆ دانەنرێت .. وەهەروەها بەردی بناغەش بۆ دروست کردنی چوارقوتابخانە لەقەزای چۆمان نیوکە لەوخەلیفان‌و میرگەسووز لەپارێزگای هەولێر دانەنرێت ..

وە لە پارێزگای سلیمانیدا ئەو خانوانەی بوشەهیدان دروست کراون لەگەڵ دوو قوتابخانەی ئامادەیی لەشاری سلیمانی‌و هەڵەبجە ئەکرێتەوە وەبەردی‌بناغەی‌دوو قوتابخانەی ئامادەیی لەچوارتاو پێنجوین دانەنرێ لەگەڵ دروست‌کردنی چەند پردێکی بچوك لەسەر رێگاکانی سلێمانی - قەیوان‌و مەوکەبە . وەسلیمانی - قزلەرو ئومەرقەوم وەهەروەها ئەو مەلبەندە تەندروستیانەی لەئاوایی حەمەکریم‌و لیان‌و چەمەرگەو دەرگەزێن‌و چنارە ، وە پۆستەخانەی هەڵەبجەو دووکان‌و سیروان‌و چناران‌و سەرچنار بەردی بناغەیان بۆ دانەنرێ لەگەڵ قیرتاوکردنی

بەبۆنەی جەژنەکانی تەموزەوە چەند پڕۆژەیەك لەشارەکانی کوردستاندا کراوەتەوە

بەبۆنەی جەژنەکانی تەموزەوە چەند پڕۆژەیەلەسەرانسەری وڵاتا کراوەتەوە ، ئەمانەی خوارەوە هەندێ لەوپڕۆژە نوێیانەن کە لەپارێزگا کانی کوردستان کراونەتەوە لەگەڵ هەندی پڕۆژەی تر کەبەردی بناغەیان دانەنرێت .

لەپارێزگای کەرکوك‌دا دوو قوتابخانەی ئامادەیی یەکێکیان لەگەڕەکی رەحیم ئاواو ئەوەی تریان لەگەڕەکی ئازادی کراوەتەوە .. وەهەروەها بەردی بناغەی قوتابخانەیەکی ئامادەیی کچان لەپردی رێزان دانەنرێ‌و مەلبەندیکی ئەندروستی لەبامەرنی‌کە ٢٥ هەزار دیناری تی‌ئەچێ ئەمە جگە لەو مەلبەندە تەندروستیانەی لەشەوان‌و قادر کەرەم‌و تازەخورماتوو داقوق‌و سیەرقەلا ئەکرێتەوە کە هەر مەلبەندێکی نزیکەی ٧٩٥٠ دیناری تی‌ئەچێ ، وەبەردی بناغەی پڕۆژەی (رەی) سەرەتا لە ناحیەی هەریر وەجۆمال‌کردنی جۆگاکانی دێی هەنجیرەو سیساوەو شەقڵاوە دانەنرێ ، ئەمەجگە لە دایەرەی پۆستەخانەی‌چەمچەماڵ‌و دبزو شوان‌و قەرەتەپەو دایەرەی ئەندازیاران لەچەمچەماڵ‌و کەلار گە بەردی بناغەیان بۆ دانەنرێ هەروەها شەقام‌و زێرابەکانی ناو شاری کەرکوك لەگەڵ پڕۆژەی (رەی) بلەو رێزان تەواو ئەکرێت .

کورد و کوردستانەکەت بناسە

نەریمان

ناوی ئەبو لحەسەن عەلی‌کوڕی ئەبی عەلی محەمەد سالمە لەساڵی ٥٥١ی کۆچی لەئامەد(دیاربەکر) هاتوەتە دنیاوە ، لەتەمەنی ٢٠ ساڵیدا چۆتەشاری بەغدا لە خزمەتی شێخ ئەبولقاسم علومی مەزهەبی(شافیعی) فێر بوە لەوێوە چۆتە (شام)و ماوەیەك لای‌زانا بەناوبانگەکانی فێر بوە ئینجا ناوبانگی دەرکردوە . لەوێوە رویکردوەتە (میسر)و لە مزگەوتی (ظافریە) دەستی‌بەدەرس وتنەوە کردوەو ئەستێرەی درەوشاوە تەوە ئەمەوای لەهەندی مەلای ئەوکاتە کردوە بەخێلی پێ‌بەرن‌و پیلانی‌بۆرێك بخەن ناچار بەدزیەوە کەراوەتەوە (شام)و ئەم‌بەیتەی وتوە :

حسدو الفتی اذ لم ینالوا سعیه فالقوم أعداء له وخصوم

لەشام ماوەیەك لەقوتابخانەی(عەزیزیە) دەرسی وتوەو بەڕێوەبەری هەمان مەدرەسەبوە ، سیف الدین لەساڵی ٦٣١ی کۆچی دوایی‌کردوە .

سیف‌الدین ئامەدی لەعیلمی‌کەلامدە (أبکار الافکار) و (منائح القرائح)و (رموزالکنوز)و لە عیلمی اصولیش (دقائق الحقائق) و (لباب‌الالباب) و لە عیلمی جلافیش (طریقة)و (مختصری) داناوەکەبەدەرس ئەو کتیبانە ئەخوێنرین .

کتێبخانەی زانستی

کاك عمر حسن دەوڵەت لەشاری سلەیمانی کتیبخانەیەکی داناوە بە یادی قوتابخانەی زانستی سلەیمانی‌یەوە ناوی ناوە کتیبخانەی زانستی . کە ئەمیش وەکو ئەو قوتابخانەیە بە ریگایەکی زانستیانە خزمەتی خەڵکی سلەیمانی‌و نەتەوەی کوردو گەلی عیراق بکات .

کتیب‌و گۆڤارو رۆژنامەی کوردی‌و عەرەبی‌و هەموو جورە دەفتەرو قەڵەم‌و کاغەزیك بە نرخیکی باش‌ئەفروشیت .

-ئیدارەی کتیبخانەی زانستی-

خەباتی یەکگرتووی شورشگێڕانە رێگای سەرکەوتنی گەلەکەمانە - پاشماوە

هەردوو نەتەوە ، نەتەوەی عەرەب‌و نەتەوەی کورد لە نیشتمانی عەرەب‌و کوردستاندا .

ئەبێ بەم بۆنەیەوە سەرنج لەوراستی‌یە بدەین کە هەموو هیزە نیشتمان پەروەرە پێشکەوتن خوازەکان هەریەکە بە پێی توانا‌و دەسەلاتی خۆیان ئەرکی جێ‌بەجێ کردنی ئەم ئامانجانەیان ئەکەوێتە سەرشان ، هەروەها سەرنج لەوەش بدەین کە کۆمەڵانی خەڵك بەتواناو کاریگەرترین دەسەلاتی لە کوڕی جێ‌بەجێ کردنی ئەم ئامانجە پیرۆزانەدا کە ئامانجی ئەم قوناغەی گەلەکەمانن بەمەرجێك رێگای کارکردن‌و تێ کۆشان‌و راپەرینیان بۆ خۆش بکرێت‌و کوسپ‌و گیرو گرفتی تێکۆشانیان بۆ لابەلا بکرێت .

چونکە نەحکومەت‌و نەپارتی‌یەك بە تەنیاو نەکۆمەڵانی خەڵکی ئەتوانن جیا جیا ئەم ئامانجانە بهێننە دی ، بەڵکو هانینە دی ئەم ئامانجانە پێویستی بە یەکێتی یەکی پتەوی خەباتی ئەم سێ لایە هەیە کە بناغەکەی لەسەر خەباتی یەکگرتووی کوردو عەرەب‌و چینە چەوسەوەو رەنجبەرەکانی گەل دامەزرا بێت .

ئیتر پشت بەتوانای گەلە تێکۆشەرەکەمان ، دیوادارین ساڵی داهاتو لە بیرەوەرییەکی نوێ‌دا بەشی هەرەزۆری ئەم ئامانجانە بە ئوتونومی کوردستانەوە جێ‌بەجێ کرابێ‌و گەلەکەمان نەخشەی کۆمەڵە ئامانجێکی‌تر بۆ دوارۆژێکی ئاسوودەو بەختیار تر‌و ئاسۆیەکی روشن‌و گەش تر بکێشێت .

پاشماوەی : سەرەك کومار

وە دەربارەی باری ئێستای نەتەوەی عەرەب‌و بەکڕا چونی ئیمپریالیزم‌و زایونیزم‌و مەسەلەی فەلەستین سەرکومار وتی : پوچەڵ کردنەوەی‌دەست درێژی‌و بیلانەکانی ئیمپریالیزم‌و زایونیزم بەم رێگایە ئەبێ :-

● بەدی‌هێنانی یەکێتی‌یەکی جەنگاوەرانە .

● بەکارهێنانی چەکی نەوت‌و پارەی وڵاتانی عەرەب لە بانکی وڵاتە ئیمپریالیستی‌یەکان‌دا .

● یارمەتی دان‌و پشتگیری کردنی بزوتنەوەی بەرگری فەلەستین .

سیاسەتی دەرەوە

لەمەیانی سیاسەتی دەرەوەدا سەرکومار وتی‌شۆرشی لەماوەی پێنج ساڵی رابوردووا سیاسەتێکی نەگۆڕاوی گرتۆتەبەر کە بریتی‌بوە لە پاراستنی بەرژەوەندی نیشتمانی‌و نەتەوەیی‌و تێکوشان دژی ئیمپریالیزم‌و زایونیزم‌و هەموو جورێك دەستدرێژی کردن‌و جیاوازی رەگەزایەتی هەروەها پشتگیری شۆرش‌و بزوتنەوەی رزگاری خوازانی گەلانی ئاسیاو ئەفریقاو ئەمەریکای‌لاتینی کردووە .

institut kurde de paris

ئەمەوزو بەردەوامی لەنگاو

● ساڵان .... یەن و- رانەبوورن ... ئەوەی لە رۆژەیری خۆیا ... یادگارە کانی ساڵانی رۆیشتوی تۆمار کردوە ... ئەوانەن زەردە خەنەی سەرلێویان ، ئەمرۆ ، ئەمسال ... لە دوێنی ... لەپار ... زیاتر گەشەی کردوە ....

● ١٥ ساڵ لەتەمەنی شۆ- ڕشی دایك ، لەم وڵاتەدا ... وە ١٥ ساڵ بەردەوامی خەبات ....وە ڕیگا ... دورەو روشتن بەردەوامە ... دەیان ساڵیش خەباتی خوێناوی سەخت تا ئەم شۆڕشەی تیا خەملی ...

● پەیمانی بەغدا روخا ... شۆڕش ... ڕێگا ئەبڕێ ..

وە شۆڕش .... گۆسپی گەورەی هاتە ڕێگا ... وە چەندان ساڵی تر ... سزاو ... چەوساندنەوەو .... ئەوانەی باوەریان بەگەل ... بە توانای گەل هەیە ... زەردەخەنەی هیوا بە پاشە-ڕۆژی باشتر .... لەسەر لێویان ون نەبوو ... مادەم گەل ... ئەروات ... شۆڕش ئەمێنی ... مەشخەلەکەی ناکوژێتەوە ...

● گەلی کورد ... زیاتر سوورە لەسەر سەماندنی بوونی خۆی ... هەنگاو بەردەوامە ... برایەتی کورد و عەرەب ... ئەمسال ... پتەوترە لەساڵان چونکە باوەر بون بە خەباتی ئوکوی هەر-دوولا پتەوتر بوە ...

● وە ... تەموز هەڵیەت و تەموز ئەروات و چونکە گەل ماوە ... شۆڕش ناوەستی ..

- ئەی منالەکانی تەموز ... بەردەوام هیوای باشە ڕۆژ گەورەتان ئەکات ... پیتان پێ ئەگری و ئێوەش هەنگاوەکانتان بەردەوام بێت ..

- ئەمرۆ .. وەسبەینی . شۆڕش و .. ڕێگاو .. باوەر ... وە بەردەوام سەرکەوتن ... بۆ ڕێشمەوە ...

« ئاوات »

ناگەی وشە

● چرپە ●

● خۆشەویستم ، لەناو شارا ، خەڵکی ، لەو خۆشەویستیەی ئێمە ئەدوێن ، کە لەداستان ئەچێت ..

خۆشەویستم .. لەناو شارا !

چیروکی ئەو دڵداریەی ئێمە ئەگێڕنەوە کە بەرووی خەڵك و ڕۆژگارا چوە ..!

- پیان وتم :

کە لەچاوەکانتا هەموو وشەیەکی خۆشەویستی ئەخوێننەوە ..

- وە بیان وتم :

کە وێنەم ، چاوەکانتی نەخشاندوەو لەروناکی ئەو وێنەیەوە نەبێت کەس نایبینێ ..

- تێیان گەیاندم :

خۆشەویستی ، هیوای لەدڵتا چاندوەو هەنگاوی بەرەو پاشە ڕۆژت پێ ئەنێت !

خۆشەویستم : لەناو شارو خەڵکی داباسی خۆشەویستیە کەمان بەگوێی یەکا ئەچرپێنن ئەوانەی لە خۆشەویستی ڕاست نەگەیشتون ، کەوتونەتە گێژاوی سەرسوڕمانەوە کینە ناو دڵی خواردوون ، چونکە خۆیان لەو سۆزە نەگەیشتون خۆشەویستی دروست ئەکات.

● ناهەقیان ناگرم ، بۆیە وان ، چونکە لەزمانو هەستی خۆشەویستی ناگەن ، ئەیان زانیوە خۆشەویستی ڕێگایە بۆ پاشە ڕۆژی ڕوونناك ، خۆزگە ئەیان توانی ئەو گولە ببینن بە خۆشەویستی تۆ بەروەردەم کردووە ، بەڵام ، ڕووبۆشی خۆبەرستیان نایەڵی ڕووی سۆزی مرۆڤایەتیو هەستی خۆشەویستی وەك خۆی ببینن ..

- بابڵێن .. خۆشەویستم. با چرپەیان بەردەوام بێ .. سەرسام مەبە ..

ئەوانە .. فێر نەبوون چۆن ئەبن بە دڵدار ..

- خالدە بابان -

گوڵی هیوا

کۆمەڵە چیرۆك و پەخشانێکە لەنووسینی کاك فوئاد حەمە ئەمین ، لەم دواییەدا کەوتۆتە بازارەوە ، نووسەر دانەیەکی لەم بەرهەمەی پێش کەش کردوە بە کتێبخانەی ڕۆژنامەکەمان کردوە سوپاسی ئەکەین .

● لەدەرەوەی سنور ●

فریشتەیەکی بچکۆلە

● بەلاتەوە سەیر نەبێت ، ئەم منالە بچکۆلەیە ، هەردوو دەستو هەردوو قاچی ئەبە- ستریتەوەو ئەخرێتە ناو حەو- زێکی مەلەکردنەوە زۆری پێ ناچێ لەژیر ئاوەکەدا بەمەلە کردن دەستو قاچی ئەکاتەوەو یەتە دەرەوە ، لەسەرەتادا کە هەواڵی توانای ئەم فریشتە بچکولەیە لە ڕۆژنامەکانا بڵاو کرایەوە خەڵکی زۆربان بەلاوە سەیر بوو ، تا ڕادەیەك هەندێکیان باوەریان نەئەکرد هەتا لە تەلەفزیون پیشانی خەڵکی درا !





چاپکراوی نوێ :

بیری چەسپاو

خوشکە - سامیە شاکر چاوشلی - کۆمەڵێ لە هونراوە- کانی خۆی لەبەرگێکی قەشەنگ و بەناوی - بیری چەسپاو - موە چاپ کردوەو کەوتە دەست خوێنەران ، دانەیەکی لەم بەرهەمەی پێش کەش بە کتێبخانەی ڕۆژنامەکەمان کردوە سوپاسی ئەکەین .

برتراند رسل :

فەیلەسوفێکی مەزنی ئەم چەرخەیە ، یەکەم نووسراوی ئەم فەیلەسوفە دەربارەی پەروەردە کردنە لەناو کۆمەڵەوای ئەوەی ژنی هێنا ، خۆی و خێزانەکەی قوتابخانەیەکیان کردەوە بۆ بلاوکردنەوەی بیروڕایان دەربارەی پەروەردە کردن .

بیروباوەری رسل : مافی ئازادیو بەئاشتی ژیانە بۆ هەموو کەسێك و ئەم بیاوەمەزنە هەر لەسەرەتای تەمەنیەوە بەدوژمنی سەرسەختی شەڕ ناسراوە ، لەسەر ئەم بارەیەی توشی گرتنو ئازاردانی شەڕ خوازەکانی ڕیژیمی بریتانیا بووەو ساڵی ١٩١٤ بەهۆی ئەوەوە هیرشی بردبوە سەر شەری یەکەمی جیهان گیراو لەبەندیخانە توند کرا دوای ئەوەش جارێکی کە لەبەندیخانە توند کراوەتەوە چونکە سەربازی نەکردووەو نەچۆتە کۆڕی شەڕەوە . ساڵی ١٩١٨ گوناهبار کرا بەهۆی هەوڵی لاواز کردنی گیانی خۆبەخت کردن ئەدات ، بەناو بانگ ترین نوسراوی کۆمەڵایەتی رسل « ژنو مێردایەتیو ڕەوشتە » ئەم کورتە باسەمان بۆ لێ هەڵبژاردون .

×

● خۆشەویستی ، تەنیا ئەو ئارەزوەنیە لە پەیوەندی « جنس »دا ئەجوڵێو خەڵك بە پەرۆشەوە تاسەی ئەکەن ، بەڵکو خۆشەویستی ڕێگای دەرباز بوونە لەژیانی تاکیو گۆشەگیری بۆ ژیانی ئێکەڵی هیوا بو بە پاشەڕۆژ .

بەداخەوە هەندێ پیاو مەسەلەی خۆشەویستیو پێکەوەنانی ژیانی ژنو میردایەتی لەو مەبەستەوە سەیر ئەکەن تا لەتانەو تەشەری خەڵکی ڕزگاریان بێت . لەبەر ئەوە هەرچۆنی بێت بۆ هاوسەرێکی ژیان « لەژیر بەردەی خۆشەویستی »دا ئەگەڕێ تا سنوور بۆ نەو دوو دڵیو ترسەی بەرامبەر کۆمەڵ هەیانەدایانین .

● سروشت ئادەمیزادی بۆ بەتاکی ژیانو گۆشە گیری نەهێناوە ، بەڵکو بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکا هاوکاری بکەنو مەبەستی پاراستنی ڕەگەزی نادەمیزاد بەدی بێت .

● بەلای مرۆڤی تێگەیشتوەوە « غەریزەی جنسی » بەبێ خۆشەویستی تێر نابێ ، وە واسەرنج ئەدەن کە پێویستە گیان بەر لەلەش بە خۆشەویستی بسپێردرێ ، ئەوانەی لەم مەبەستە قوڵە وێژدانیە نەگەیشتون کە لەخۆشەویستی وەك یەکی دا پێویستە خۆشتین تامی ژیانیان دۆزاندوە ، ئەمەش ئەبێتە هوی ئەوەی ترشی نائومیدیو بێزاری ببن .

● جا بۆیە پێویستە لەسەر ئەوانەی بایەخ بەزانیاری کۆمەڵایەتی ئەدەن «خۆشەویستی» بخەنە ریزی پێشەوەی ئەو بایەخ دانەیان چونکە بەبێ تێگەیشتنێکی ڕاستی لە خۆشەویستی ، ژیانی کۆمەڵایەتی تاریك و بوتەك ئەبێت .

ئامادەکردنی : ڕەوا

خۆشەویستی : ئەردەخەنەی باوەڕ بە پاشەڕۆژی ڕوونناك ئەخاتە سەر لێو .

● وتەیەك

هەندێ لە ئەرکەکانی کۆڕی [شەقڵاوە]

بێ گومان ئەرکێکی ئێجگار گەورەو گرانو مێژوویی دێتە پێش ئەو کۆڕە فراوانەی کە نیاز وایە لەمانگی «ئابی»دا هاتوودا لەشەقڵاوە ببەسترێت

بۆرێکەوتن لەسەر هەر بریارێك ئەوکوڕە پێویستی بەگیانێکی لەخۆ ابوردنو پڕ دڵسۆزی هەیە وە بۆگەیشتن بەو ئەنجامەی کە بریارەکانیان لەگەڵ واقیعی میلەتەکەمانو پێویستیکانیدا بگونجێ ئەبێ دووربێ لە داشکاندنەوەی ناڕەوا بەلایەکدا ..

● ئەوەی ئەشی باسکرێ و نەخرێتە پشت گوێو کۆڕەکە بەئاسانی ئەتوانێ چاری بۆ بدۆزێتەوە ، مەسەلەی بەکارهێنانی هەندێ زاراوەی لەیەك نەچووە لە « وانەی » قوتابخانەکاندا ..

لەوزاراوانە .. زاراوەی « محیط » لەهەندێ کتێبدا کە لە کوردیدا «ئوقیانووس»یان لەجێگا داناوە ، لەجێگایەکی تری هەمان کتێبدا « دەریا لووش » بەکار هاتووە ..!

هەروەها لەجیاتی « قارە » لەهەندێ شوێندا « کەرتە » وە لە هەندێ جێگای تردا « کیشوەر » بەکارهێنراوە ..! ئەمە بیجگە لە تیپو پیتو کتیبو پەرتووك ..

● لەگەڵ ئەمانەشدا زۆر ناوی کوردی ڕەسەن هەن کەناوی تری بێگانەیان لەجیگا بەکار ئەهێنرێت ، بۆ نموونە. « عقرە » لەجیاتی ئاکرێ بەکار ئەهێنرێت وە زۆر ئاشکراشە کە ئاکرێ لە زۆر فولکلۆرو شیعرو بەیتا پێش عقرە بەکار هێنراوەوە ناوێکی کوردی ڕەسەنیشە هەروەها لەجیاتی ناوی « پردێ » ئالتون کۆپری « تورکی » دانراوە ! ئەمانەو زۆر زاراوەو ناوی تری واهەن کەوا چاوەڕوان ئەکرێت ئەو کۆڕە ساغیان بکاتەوەو ڕیگا خۆش کرێت بۆچەسپاندنی زمانێکی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی .

نوری حەیران

×

بەرترانت رسل : خۆشەویستی

لەدەلتەی عاشقانی هەتاوەوە

شیعری ساڵی ١٩٦٨

١ -

بڕۆی .. هەرچەند بڕسیتر بێ ..
ئەوەند عەشقی گرژەگەنمو باران ئەبێ ،
شەوگار .. هەرچەند درێژتر بێ ..
ئەوەند غەریب شەیدای خۆری ئاسمان ئەبێ ،
مێش .. هەرچەند کوشتن بە گیانم فێرئەکەن
بەری هەتاوم لێ ئەگرن .
ئەوەند عەشقی ژیان ئەبم ..
ئەوەند هەتاوم خۆش ئەوێ ..

× ×

٢ -

ئەی ئەو بنجەگوڵەی .. لەبەر
جۆگەی خەمباری برینی منا ئەڕوێی ..
لە سای مەرگی منا شکۆفە دەرئەکەی ،
تاکەی نەتوانم .. بلبلی عەشق خوانی دەنگی خوێنم ..

بێنمە سەرچڵت بێنم ..
پڕ بە دەنووکی ئارەزووم
بۆ هێلانەی خۆر بخوێنم ..

× ×

٣ -

- ڕێگا .. تەورە ..
× گیانە .. درەخت .. چەند لقوپۆپی ببرن ..
ئەوەند ڕەگوریشەی بەرەو قوولتر ئەڕوا .. ،
- دنیا شەوەو دنیا بەفرە ..
× شەوان .. خۆر خۆشەویست ئەبێ
بەفرە ڕۆژیش ..
برین ئەبێتە ئاگردان ..
- گیانە .. ڕێگا چاڵەونزمە ..
× خۆشەویستم !
عاشقی خۆر .. هەردەم ئەڕوانێتە ئاسمان !

insititut kurde de paris

هەواڵی ڕۆشنبیری و هونەری کوردی

پیشانگای وێنە فۆتۆگرافی لە عەنکاوا

هەفتەی ڕابوردوو ، بەسەرپەرشتی پارێزگای هەولێر ، پیشانگایەکی وێنەی فۆتۆگرافی لەعەنکاوا کرایەوە ، ئەم پیشانگایە کاك سعدی صالح ئامادەی کردبوو ، لە ١٠٠ وێنەی فۆتۆگرافی هەمە جۆری ناوچەکانی عیراقی زیاتر تیا پیشاندرا ، کە نموونەی ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابوری خەڵکی عیراقیان ئەنواند ، ئەوەی شایەنی باسە ئەمە یەکەم جارە پیشانگایەکی بەو جۆرە لەشوێنێکی وەك عەنکاوا ئەکرێتەوە .

● ● ●

« بۆرە پیاو » لە تەلەفزیوندا

هەفتەی ڕابوردوو کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی لقی هەولێر چیروکی - بۆرەپیاوی بۆ تەلەفزیونی کەرکوك تۆمار کرد ، ئەم چیروکە -کاك مستەفا ڕابەر - نووسیوێتیو هونەرمەند سەباح عەبدولرەحمان دەری هێناوە . کاك چەتو حەسەن ، خەلیل یابە ، سەلاح شەفیع ، کامەران مەولود نضال عەبدولرەحمان و خوشکە شەوقیە شەوکەت بەشداری نواندنی بوون ..

×